

# بەسەرهاتی هاشمی فەرهاد

ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد

## پێڕست


پێشەکی........................................٥

هاشمی فەرهاد کێ بوو؟................................١٢

کوردبوون.......................................١٦

میرزا ڕەحمتی شافیعی..............................٢٢

کاپیتان حەمەدی مەولوودی..........................٢٤

میرزا مەنافی کەریمی..............................٢٥

کاک غەنی بلوریان.................................٣٠

دکتۆر عەبدوڵڵای ئەبریشەمی........................٣٣

کاک ڕەحمانی قازی.................................٣٥

مەلا قادری مودەڕڕیسی.............................٣٧

دکتۆر قادری مەحموودزادە ( ئاسۆ )....................٣٨

کاپیتان حەمەدی مەولوودی..........................٣٩

کاک جەلیلی گادانی................................٤٠

کاک عەلی فەرهاد..................................٤١

کێ هاشمی فەرهاد کوشت؟............................٤٥

پرسیار.......................................... ٤٧
سەرچاوەکان...................................... ٦٣

پێشکەش بە ڕۆحی پاکی بابی خۆشەویستم عەلی فەرهاد

## پێشەکی

لە ڕۆژی ١٣٢٠/٧/١٢ . ١٩٤١/١٠/٤لە شاری مەهاباد ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕووی دا کە دوو مرۆڤ گیانیان لە دەست دا.کوشتنی میرزا ڕەحمانی شافیعی بە دەست هاشمی فەرهاد و لە هەمان ڕۆژ دا کوشتنی هاشمی فەرهاد بە دەست عەشایری مەنگور، شار بە جارێک شێوا و دوکان و بازار داخرا و خەڵکی شار بەم ڕووداوە خەمبار بوون.

ئایا کوشتنی میرزا ڕەحمانی شافیعی بەدەستی هاشمی فەرهاد تێرۆر بوو؟ ئایا مەسەلەیەکی شەخسی بوو؟ ئایا کەسێک لە پشت ئەو ڕووداوەدا بوو؟ لە کاتێکدا کە دیانتوانی هاشمی فەرهاد بگرن و مەحاکمەی بکەن، بۆ کتوپڕ کوشتیان؟ و زۆر پرسیاری دیکە کە تا ئێستا بێوەڵام ماوەتەوە...

هەم بنەماڵەی فەرهاد و هەم بنەماڵەی شافیعی زۆر وەدوای ئەم ڕووداوە نەکەوتوون، لە بنەماڵەی ئێمەدا بەس ئەوەم دەبیست کە مامم میرزا ڕەحمانی شافیعی کوشتووە، ئیتر کەس وەدوای ئەو پرسیارە نەدەکەوت کە هۆیەکەی چ بوو؟

تاقەکچی کاک هاشمی فەرهادیش قەت وەدوای ژیان و بەسەرهاتی باوکی خۆی نەکەوتووە. هەر ئەوەندە دەزانێت و هەر ئەوەندەیان پێ گوتووە کە بابت میرزا ڕەحمانی کوشت و مەنگوریانیش هاتن و بابی تۆیان کوشتەوە. جێی سەرنجە کە خێزانی کاک هاشمی فەرهادیش قەت بەسەرهاتی خۆی و مێردەکەی بۆ کچەکەی باس نەکرد.

ئێستا ئەوە چەند ساڵە کە ئەم ڕووداوە لە کتێباندا یا لە بیرەوەری کەسانێک باس کراوە کە خۆیان لە نیزیکەوە شاهیدی ئەم ڕووداوە بوون.

بەداخەوە لە بنەماڵەی ئێمە کەسی وا بە تەمەن نەماوە کە بتوانی بە وردی ڕووداوەکەمان بۆ بگێڕێتەوە و ئەوانەی لە ژیاندا ماون شتێکی وای لێ نازانن. داخی گرانم ئەگەر ئەقڵیەتی ئێستام دەبوو دەمتوانی بە چاکی کەڵک لە ئەندامانی بنەماڵەی وەرگرم. هێندێکیان بە تایبەت میرزا کەریمی فەرهادی دێتوانی باسی زۆر شتی گرینگم بۆ بکا، کە بیستوومە نێوانی لەگەڵ میرزا ڕەحمەتی شافیعی زۆر خۆش بووە.

لەوە دڵنیام کە بنەماڵەی ئێمە و بنەماڵەی شافیعی هیچ کێشە یا نارەحەتێک یا گرفتێکیان نەبووە، ئەدی بۆ دەبێ کاک هاشم نیازی کوشتنی میرزا ڕەحمەتی کردبێ؟ ئایا دەکرێ گومان بکەین کە مەسەلەکە سیاسی بووە و لەوانەیە سازمان یا ڕێخراوێکی سیاسی لە پشت ئەو کارەساتە بووبێ؟ بە باوەری من مامە غەنی بلوریان و میرزا عەلی فەرهاد زۆر چاک بۆ مەسەلەکە چوون، و دەبێ بەو جۆرە بێت کە ئەوان باسی دەکەن!

مامۆستا هێمن لەنووسینەکەیدا بە نێوی "کورد بە گشتی شاعیرە"دا شەوێکی لە دیوەخانی میرزا ڕەحمەتی شافیعی دەبێ و بەم جۆرە باسی دەکا: لەبیرمە شەوێکی لە دیوەخانی میرزا ڕەحمەتی شافیعی، ڕەحمەتی خوای لێ بێ، کۆمەڵێک گەورە پیاو و شیعرناس کە ئەوی لەبیرم مابێ یەکیان مامۆستای مەزن تورجانی زادە بوو، تاریفی ئەو شیعرەیان دەکرد. کە مەلا مارف بۆ شافیعی ناردبوو. من بە ئەدەب لەسەر چۆک دانیشتبووم و متەقم نەدەکرد تا گەیشتنە ئەم شیعرە:

جـائیزەی شیعرم لــە تۆ نــاوێ مـــەگـەر بـارێ ڕەژی

تا سەر و ڕووی دوژمن و بەدخواهی تۆی پێ ڕەش بکەم

ئەو دەم و دەنگ هاتم و گوتم: ئەم شیعرە مانایەکی دیکەشی لە بن دا هەیە ئەویش ئەوەیە کە میرزا ڕەحمەت ئەوەندەی دوژمن و بەدخواە هەیە کە بارێک ڕەژیان دەوێ تا مەلا مارف ڕوویان پێ ڕەش بکا.

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز، نووسەر: مامۆستا هێمن چاپی ئینتشارات رەهرو مەهاباد ١٣٧٨ . ١٩٩٩

ئەگەر چاوێک لە مێژووی ئەو کات بکەین لە ساڵی ١٣٢٠ تا ١٣٢٥ چەند جار پیلانی کوشتنی میرزا ڕەحمەتی شافیعی کراوە. میرزا ڕەحمەت لەو پێنج ساڵەدا ژیانێکی زۆر پڕ مەترسی تێپەر کردووە، یەکەم جار هاشمی فەرهاد کە بەم جۆرە کە باسی دەکەین ویستوویەتی میرزا ڕەحمەتی بکوژێت.

کاپیتان حەمەدی مەولوودی لە بیرەوەرەکانی خۆیدا باس لە وەدەکا کە چەندە دەوری ماڵی میرزا ڕەحمەتی شافیعی داوە کە میرزا ڕەحمەتی بکوژێت...

میرزا منافی کەریمی لە یادداشتەکانیدا باس لە گرتنی میرزا ڕەحمەتی بە دەست ڕووسەکان دەکا، کە پێشەوا نەجاتی دەدا. پێشەوا لە وەسیت نامەکەی خۆی دا باس لەوە دەکا کە گیانی میرزا ڕەحمەتی نەجات داوە.

بۆیە دەکرێ بڵێین: پیلانی کوشتنی میرزا ڕەحمەتی شافیعی لە یەکەم جارەوە مەبەستێکی سیاسی لە پشت بووە! و قسەکانی کاک غەنی بلوریان و میرزا عەلی فەرهاد زۆر نیزیکەن بەو حەقیقەتە کە ڕێخراوەێک هەبوو کە ویستوویانە یەکێک لە دەوڵەمەندترین و دەوڵەتخوازترین کەسایەتی شاری مەهاباد تێرۆر بکەن.

دوای کوشتنی میرزا ڕەحمانی شافیعی و هاشمی فەرهاد ئەو دوو بنەماڵە چیان کردووە؟ ئایا پێکەوە دوژمن بوون؟ ئایا کێشە و گرفتیان بۆ یەکتر ساز کردووە؟

کاک ڕەحمانی قازی باس لەوە دەکا کە دوای کوشتنی هاشمی فەرهاد دیانهەوێ ماڵی حاجی سمایلی فەرهاد ئاور تێبەردەن، کە پێشەوا ئاگادار دەبێ و ناهێڵێ. من خۆم یەکەم جار ئەوەم لە کتێبی بیرەوەرەکانی جەنابی کاک ڕەحمانی قازی دا خوێندەوە و قەتم نەبیستبوو.

مانگی پێش لە گەڵ کاک ئەحمەد سەفا بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد باس هاتە سەر کوشتنی میرزا ڕەحمانی شافیعی و هاشمی فەرهاد. ڕووداوێکی گێڕاوە کە من قەتم نەبیستبوو. کاک ئەحمەد دەیگوت: من خۆم لە گەورە پیاوانی سابڵاغیم بیستووە کە دەیان کوت: دوای کوشتنی

کاک هاشمی فەرهاد بنەماڵەی فەرهاد قەرار دادەنێن کە بە یەکجاری لە مەهاباد بڕۆن. ئەوان پێیانوابوو کە ئەو کێشەیە گەورەتر دەبێتەوە و ئەوان لە بەرانبەر میرزا ڕەحمەتی دا ناتوانن هیچ بکەن.

میرزا ڕەحمەت کە ئەوە دەبیسێتەوە دێتە لای حاجی سمایلی فەرهاد و داوای لێدەکا کە ئەو کارە نەکا. میرزا ڕەحمەت دەڵێ: خەڵک ئەگەر بزانن ئێوە لە ترسی من لەم شارە دەڕۆن من ئابروم دەچی دەڵێن ئەو بنەماڵە بەنێو بانگە لە ترسی میرزا ڕەحمەتی تەرکی مەهابادیان کرد. تازە شتێک قەوماوە و دەتوانین وەک جاران پێکەوە دۆست و برا بین.

کاک ئەحمەد لە درێژایی قسەکانی دا گوتی: زۆر جاران میرزا ڕەحمەت دەچوو بەر دووکانی ئاسینگەری حاجی سمایلی فەرهاد و لەبەر دەرگای دووکانەکەی دادەنیشتن و پێکەوە چایان دەخواردەوە تا خەڵک بیانبینن کە ئەو دوو بنەماڵە هیچ کێشەیان نەماوە و پێکەوە دۆست و برادەرن.

من لێرەدا بیرەوەری کاپیتان حەمەدی مەولوودی و میرزا مەنافی کەریمم نووسیوەتەوە تا بزانین کە میرزا ڕەحمەت بە چ شێوەیەک گیراوە یا قەرار بووە کە لەناو بچێ و چۆن پێشەوا قازی محەمەد نەجاتی داوە.

میرزا ڕەحمەتی شافیعی لە ساڵی ١٣٣١ . ١٩٥٢ لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.

هیوادارم کە بنەماڵەی ئاغای شافیعی هیمەت بکەن ئەوانیش هەرچی لەو ڕووداوە دەزانن بینووسن و بڵاوی کەنەوە با زیاتر بۆ ئێمە ڕوون بێتەوە و کاتێک نەوەکانی داهاتوو بیانەوێ لەسەر ڕووداوەکانی ساڵەکانی ١٣٢٠ توێژینەوە بکەن زیاتر زانیاران هەبێ.

سپاس و پێزانین بۆ یارمەتی و هاوکاری : کاک وریای مامڵێ، زەینبی فەرهاد، کاک مەحموود فەرهاد ،کەماڵی فەرهاد، ڕەزای فەرهاد و خانمی سیمین ئیفتیخاری. سپاسیان دەکەم.

فاڕووق فەرهاد

سوئید ٢٠٢٣/٥/١٠

هاشمی فەرهاد کێ بوو؟

هاشمی فەرهاد کوڕی حاجی سمایلی فەرهاد، دایکی ناوی پریزاد، لە تاریخی ١٢٩٣/٢/٦ . ١٩١٤/٤/٢٧لە گەڕەکی خڕێ لە شاری مەهاباد لە دایک بووە.

حاجی سمایل فەرهاد یەکێک لە ئاسینگەرەکانی بەنێوبانگی شاری مەهاباد بوو و چوار کوڕی لەلای خۆی ئاسینگەری پێ کردوون، عەبدوڵخالەق، هاشم، حەسەن و عەبدوڵڵا. میرزا عەلی فەرهاد تا پۆلی یەکەمی ناوەندی "دەبیرستان" لە دەبیرستانی ئێرانشەهر خوێندۆیەتی و لە کۆماری کوردستاندا مامۆستای قوتابخانەی گەلاوێژ بووە و دوایی بۆتە کارمەندی ئیدارەی غەلەی شاری مەهاباد. کاک ڕەحمانی فەرهادیش تا کلاسی شەشی سەرەتایی خوێندویەتی و دوایی دوکانی فەڕش فرۆشی داناوە.

کاک هاشم  هەر وەکی لە وێنەکانیش دیارە جەوانێکی کورتە باڵا و جوانچاک بووە. وەکی من بیستوومە پیاوێکی کۆمەلایەتی و نیشتمانپەروەر و لەنێو خەڵکدا خۆشەویست بووە.

یەکەم جار لەگەڵ مەریم خانمی...؟ ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە کە دوای ماوەیەکی کورت لێک جیابوونەوە. دووهەمجار لەگەڵ خانمێک بەنێوی زەلیخا ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە. زەلیخا خانم دوو گیان دەبێ کە کاک هاشم دەکوژرێت و دوای حەوت مانگ کچێک بەنێوی "زەینب" واتە لە ١٣٢١/١/١ لە دایک دەبێ کە بە خۆشیەوە ئێستاش لە ژیاندا ماوە.

بە دروستی نازانین کە کاک هاشم خوێندەواری هەبوو یان نا؟ بەڵام واوەێدەچی کە نەخوێندەوار بووبێت؟ چونکە برا گەورەکەی، میرزا عدبدوڵخالەق و برای دوای وی، میرزا حەسەنی فەرهاد هیچیان سەوادیان نەبووە. من خۆم لە بابم بیستووە کە دەیگوت: لە کورەکاندا بابم هەر ئیزنی بە من و ڕەحمانی برام دا کە وەدووی خوێندن کەوین.

کاک هاشم دەبێ زەمانی ڕەزاشا چووبێتە سەربازی من بیرەوەرییەکەم هەیە کە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە کاک هاشم دەورەی سەربازی دیوە.

هاوینی ساڵی ١٣٥٥ لەگەڵ چەند دۆستێک بۆ سەیران چووینە باغێکی نیزیک شاری مەهاباد لە گۆندی خانگێ. دوای ماوەیەک باغەوانی باغەکە هات بۆ لامان و زۆری

بەخێرتان کردین. پرسیاری لێکردن کە کوڕی چ بنەماڵەیکەین، کە گەیشتە من گوتم: کوڕی میرزا عەلی فەرهاد.


گوتی: هاشمی فەرهاد چی تۆیە؟

گوتم: مامم بووا!

گوتی: من لە گەڵ کاک هاشم پێکەوە سەرباز بووین. کاک هاشم پیاوی چاک و زۆر بەغیرت بوو. زۆر جوانچاک بوو. زۆر شەوان گۆماشتە ئەفسەرەکان دەهاتن لە دووی و ژنە ئەفسەران دیانبردە لای خۆیان....

هاشمی فەرهاد لە ڕۆژی ١٣٢٠/٧/١٢. ١٩٤١/١٠/٤ لە شاری مەهاباد کوژراوە."زەینب" خانم کچی کاک هاشم بۆ منی باس کردووە و دەڵێی: جار جار منیان دەبردە سەر گۆڕی بابم کە لە نیزێک کێوی داشا مەجیدی بوو. هەمان شوێنی ئێستای جەنگلی مەسنووعی لە شەقامی جامی جەم.( ئەم شوێنە قبرستان بوو کە دوایی بە دەستوری وەرهرام بۆ بە شەقام و جەنگلی مەسنووعی).

بەداخەوە زانیاری زیاترم وەدەست نەکەوت تا بتوانم زیاتر لەسەر کاک هاشمی فەرهاد بنووسم.


گواهی شماره ملی

شماره :

تاریخ صدور:

سازمان ثبت احوال کشور

شماره ملی : ۲۸۷۰۰۱۲۱۵۲

نام : هاشم

نام خانوادگی : فرهاد

نام پدر : اسمعیل

تاریخ تولد : ۱۲۹۳/۰۲/۰۶

سری و سریال شناسنامه: -۰

:کدپستی

نام، نام خانوادگی و امضاء صادرکننده:

مهر اداره ثبت احوال:

۱۳۲۰/۷/۱۲

این گواهی از تاریخ صدور صرفاً به مدت یکماه و با ارائه اصل شناسنامه دارای اعتبار است.

## گەواهی ژمارە میللی

سازمانی سەبت و ئەحوالی کێشور

ژمارە میللی: ٢٨٧٠٠١٢١٥٢

نێو: هاشم

نێوی بنەماڵە: فەرهاد

نێوی باوک: ئیسماعیل

تاریخی لە دایک بوون: ١٢٩٣/٢/٦

تاریخی کۆچی دوایی: ١٣٢٠/٧/١٢

کوردبوون

کاک وریای مامڵێ لە کتێبی " کوردبوون " بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی بەم جۆرە باسی "هاشمی فەرهاد " دەکا: هاشم فەرهاد کوڕی سمایل لە شاری سابڵاغ .مەهاباد لە دایک دەبێت. بنەماڵەکەیان ساماندار بوون و شۆرەتیان " فەرهاد "ە بەڵام بە "فەرهادی " بانگ دەکرێن.

ڕێکەوتی لە دایک بوونەکەی نازاندرێت. بنەماڵەکەیان سەنعەتکارێکی بەناوبانگی ئاسینگەری بوون بۆیە وەک کوڕی گەورەی ماڵێ یاریدەی باوکی دەکات و ئاسینگەرێکی قابیلی لێدەردەچێ.

قەد و باڵای کورت و جوانچاکی زەمەنی خۆی بووە. بە لاوێکی شۆخ و کەشخەپۆش ناوبانگی دەرکردبوو. کوڕێکی نەترس و بەور بووە، بەردەوام خەمی خەڵکی نەدار و بێدەرەتانی خواردووە.

دژی بە سووک چاولێکردنی چینی باڵادەستی کۆمەڵگا لە خەڵکی نەدار بوو. بەردەوام خۆی لە بەرەی دژ بە دەوڵەمەند و چینی لە حکوومەت نیزیک دەزانی ڕەنگە کارتێکەی بیری بۆڵشویکی و کۆمۆنیستیش بەسەریدا زاڵ

بووبێ که ئەو سەردەم ئەو ئایدیۆلوژییە لە گەرمەی خۆیدا بوو و ورەی زۆر دابوو بە خەڵکی هەژاری کۆمەڵگەکان.

هاوڕێیەتی کاک هاشم دەگەڵ کاپیتان حەمەدی مەولوودە چرچی و عەزیز زەندی ناسراو بە عەزیز ئاڵمانی، بە تایبەت حوسێنی زێڕینگەران کە یەک لە دامەرزێنەرانی هەر دوو حیزبی ئازادیی کوردستان و کۆمەڵەی ژ . ک بوو. لەبەر چاوی کەس شاراوە نەبوو.

بەداخەوە لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٠ هەتاوی لە ڕووداوێکی زۆر ناڕووندا کاک هاشم لە جەرگەی بازار تەقە لە کاک ڕەحمانی شافیعی دەکات و بە دوو فیشەکان دەیکوژیت. کاک ڕەحمان لە بنەماڵەیەکی ساماندار و دەست ڕۆیشتوو و هەر وەها خاوەن ڕێزی سابڵاغ بوو.

لە کتێبی، کوردبوون بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، ساخکردنەوە و بەڵگەمەندکردنی: وریا ماملێ، چاپی دووهەم ساڵی ٢٠٢٢



له ڕاستەوە: حەبیبی نەهری مەشهوور بە ( کاک حەبیبی قاوەچی ) . هاشمی فەرهاد . ؟

وەکی بیستوومە ئەم وێنەیە لە باغی مکائیلی گیراوە بەداخەوە ساڵەکەی نازانین.

وێنە: لە ئالبومی بنە ماڵەی بەڕێز عەلی فەرهاد وەرگیراوە.



ژنی سەرچۆپی کێش، مەنیج حەیران ـە

مەهاباد: شایی کاک هاشمی فەرهاد بە دروستی ساڵی شایەکە مەعلووم نییە بەڵام وێدەچی ساڵی ١٣١٨یا ١٣١٩ بێت.

هەروەک لە وێنەکەدا دیارە مەنیج حەیران لەم شایەدا بەشدار بووە.


وێنە: لە ئالبومی بنەماڵەی بەڕێز عەلی فەرهاد وەرگیراوە.



مەهاباد: مەیدانی ئاسینگەران

دووکانی دەستی ڕاست، دووکانی حاجی "سمایلی فەرهاد "یە کە هاشمی فەرهاد لەم دووکانەدا ئاسینگەری کردووە.

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی وەرگیراوە.



له ڕاستەوە: هاشمی فەرهاد. بەڕێز شێخ ئیسماعیلی بەرزەنجی

وەکوو لە بنەماڵەی ئیمەدا باس دەکەن کاک هاشم موریدی شێخی ئیسماعیلی بەرزەنجی بووە.

وێنە: لە ئالبوومی بنەماڵەی بەڕێز ڕەحمانی فەرهاد وەرگیراوە. ساڵی وێنەکە مەعلووم نییە.

## میرزا ڕەحمەتی شافیعی

میرزا ڕەحمەتی شافیعی خودا عافوی کا پیاوێکی یەکجار زۆر دەوڵەمەند بوو لە مەڵبەندی مەهاباد و دەوروبەر کەسێک نەبوو بە قەدەر ئەو دەوڵەمەند بووبێ. پیاوێکی سەخی و نان بدە بوو. بەدایم پازدە بیست کەس میوانی غەریب لە دیوەخانەکەی ئەودا دەیانخواردو دەحەسانەوە و کەسیش نەیدەگوت بۆ هاتووی و کارت چیە، هەتا ئەو کەسە بۆ خۆی دەنگی نەکردبا، ئەگەر کاریان پێ با بۆی جێ بە جێ دەکردن، بەشی زۆری دووکانەکانی شاری مووڵکی میرزا ڕەحمەتی بوون. ئ ی واهەبوو بە دە ساڵ کرێ دووکانی نەدەدایە ئەویش باسی نەدەکرد زۆر جاران هەتا گوزەشتی لێدەکردن، دەستی داماوان و لێقەوماوانی دەگرت کارو باری خەڵکی لەمەڕ کاری ئیدارەجات جێ بە جێ دەکرد.

لە ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی ژنی بۆ سەعیدی کوڕی هێنا بێجگە لە دۆست و ئاشنای شارەکانی تاران و تەورێز و ورمێ و شارەکانی دی تەواوی خەڵکی شاری مەهابادی بانگهێشتن کرد و نان دا. هەر شەوەی نۆبەی تیپ و تاقمێک بوو، چەند شەوی بۆ کارمەندان و بەرێوبەرانی ئیدارەکان تەرخان کردبوو، دە دوازدە شەو بۆ دووکاندارەکان و خەڵکی ئاسایی ئەو داوەت و بانگهێشتنە پتر لە بیست شەوی خایاند، دەستوری دابوو پێش ئەوە نەهار و شام بۆ میوانان بچێ لەپێشدا بۆ هەر ماڵە جیرانێک مەجومعەیەک بنێر درێ بەڕاستی خودا عافوی کا پیاوێکی باش و غەمخۆر بە تایبەتی هاوشارێکانی بوو.

لە کتێبی: کوێستانی دڵ، نووسینی: سەید ڕەحیم قورەیشی بە تێکۆشانی: زێنەب قورەیشی ساڵی ١٣٨١



دانیشتوو لە ڕاستەوە: ١. میرزا ڕەحمەتی شافیعی ٢. حاجی بایزیدی ئاغای ئیلخانی زادە ٣. ؟ ٤. قازی شێخ موحسنێ قازی موکری ٥. مەحموود ئاغای ئیلخانی زادە ٦. ئەحمەدی تورجانی زادە ٧. حاجی ساڵحی شاتری.

ڕاوەستاوە لە ڕاستەوە: ١. دکتۆر جەعفەر شافیعی ٢. سەید مەحمەد ڕئوفی قازی موکری ٣. حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی ٤. سەعید شافیعی ٥. ؟

ساڵی ١٣٢٦

سوپاس بۆ کاک موحسنێ قزڵجی کە ئەم وینەی بۆ ناردم.

## کاپیتان حەمەدی مەولوودی

کاپیتان حەمەدی مەولوودی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی بڕیاری لە ناو بردنی میرزا ڕەحمەتی شافیعی دەکا: میرزا ڕەحمەتی شافیعی بە من ئەسپێردرابوو تا گەر لە نێو هەواش دا بێت، بێدۆزمەوە و شورت و گومی کەم. لە ڕاستیدا دەبوو لە پێش مەحموودیانیش بکەوێ، بەڵام خۆی حاشار داوە و کەس نازانێ لە کوێیە! چەند کەرەت لە دەورووبەری ماڵیان سوورڕم داوە، کەچی وەبەر چاوم ناکەوێ.

کاتێک لە داوەت و هەڵپەڕاندنی... ئاغای قوتار بووم، گەڕامەوە تا بڕۆمەوە بۆ ماڵێ و بە بەر داڵانی حیزبێدا هاتم، تەماشام کرد میرزا ڕەحمەت هەڵتەک هەڵتەک وەسەر پلیکانەکانی حیزبی دەکەوێت و دەیهەوێ بچێتە لای قازی. مستەفای زینەتیشی بە دووایەوە.

لە داڵانی حیزب پێشەوبەرم لێدا، وا شێوا بوو نەبێتەوە، کە چاوی بە من کەوت گوتی:

. قازی لە ماڵە؟

وا زمانی شکابوو کە دەیویست بڵێ: قازی لە حیزبە؟

دەرکەی کردەوە و یەکسەر چوو بۆ لای قازی. (...) قازی بە پێوە ڕاوەستا، چاو لە میرزا ڕەحمەتی دەکا و هیچ قسان ناکات. منیش لە تەماشای ئەو دیمەنەم.

قازی ڕووی دەمن کرد و  بە ئاشکرا بە منی گوت: حەمەد، کارتان پێی نەبێ.

ئەوجار ڕووی دە میرزا ڕەحمەتی کرد و گوتی: بڕۆ ئازادی.

حەمەد بەڕێی کە! وەپێش خۆم دا هەر ئاوڕ دەداتەوە دوواوە، منیش تا دەرکی دەرێ بەڕێم کرد، ئەو ڕۆیی و گەرامەوە لای قازی.

لە ژوورەکەیدا بە تەنێ بوو، خەریک بوو بڕواتەوە بۆ ماڵ، گوتی: خەبەرم زانیوە... ئاغات هەڵپەڕاندووە، جارێ وەختی ئەو کارانە نییە. تا بەردەرکی ماڵی دەگەڵی چوومەوە و لەوە زیاتر چی تری لە بابەت... ئاغاوە نە گوت!

میرزا مەنافی کەریمی

میرزا مەنافی کەریمی لە یادداشتەکانی خۆی دا نووسیویەتی: مەئمووریەتێکشم هەبوو بۆ میاندواو. چەند ڕۆژێک بوو حکوومەتی ئازەربایجان بە دەست ئارامی هەرمەنی میرزا ڕەحمەتی شافیعی گرتبوو و لە " تەقی ئاباد " زیندانی کرد بوو.

دەیانگوت پارەیەکی زۆر لە نێوبراو داوا دەکەن و ئاشکرا بوو دوای ئەوەی پارەیان لێ ئەستاند گیانی خۆشی بۆ ڕزگار ناکرێ، سەعاتی ١٠ ی بەیانی بوو کە بانگ کرام بۆ ئیدارەی حیزب.

یەک لە پێشخزمەتەکان منی ڕێنوێنی کرد بۆ لای قازیی محەمەد کە بەڕێزیان فەرموویان: دەزانی ئەوە ئاغای ڕەحمەتی شافیعی لە میاندواوێ زیندانی کراوە، وەک دەردەکەوێ نییەتێکی خراپیان لە ئاست وی هەیە، دەستبەجێ لە گەڵ دوو سێ کەس لە ئەندامانی حیزب بچنە ئەوێ و لە لایەن منەوە بە نەماز عەلییێف بڵێن زیندانی کردنی کوردێک بە دەست ئازەربایجانییەک بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە نیوەی زیاتری خەڵکی میاندواو کوردن لە ڕوانگەی ئێمەوە سووکایەتییەکی گەورەیە. ئەگەر میرزا ڕەحمەت تاوانێکیش کردبێ دەبێ

لە مەهاباد سزا بدرێ، هەڵبەت من بۆچوونم ئەوە نییە و ئازاد بوونیم لە زیندانی کردن پێ باشترە.

لەگەڵ ئاغایان حاجی مستەفا داودی، محەمەد ئەمین شەرەفی، دڵشاد ڕەسووڵی و هەباس ئاغای عەزیزی زاوای ئاغای ڕەحمەتی شافیعی بە ماشین وەڕێ کەوتین. لە میاندواو لە پێش قاوەخانەیەک بۆ چایی خواردنەوە ڕامان گرت.

تەماشامان کرد سەربازێکی شوورەوی هاتە پێشێ و گوتی: فەرماندە دەیەوێ چاوی بە ئێوە بکەوێ.

لەگەڵ سەربازەکە چووم. فەرماندە پرسیاری کرد: میرزا مەناف بۆ چ کارێک هاتوون بۆ میاندواو؟

گوتم: بۆ دیتنی ئێوە هاتووم و دەستبەجێ پەیامەکەی قازیی محەمەدم ڕاگەیاند، ئەویش گوتی: بەو کەسانەی لەگەڵت هاتوون بڵێ دەستبەجێ میاندواو بەجێ بهێڵێن و لە یەکەم قاوەخانەی سەر ڕێیە چاوەڕوانی هاتنەوەی ئێوە بن.

قسەکەیم جێ بە جێ کرد و گەرامەوە لای و پێی گوتم: بە ماشێنی من بچۆ بۆ لای ئارام، ئەو شافیعی ڕادەستی ئێوە دەکا، کە گەیشتنە "تەقی ئاباد " سەر و سۆراغی ئارامی هەرمەنیم کرد، شوێنی کارەکەیان پێ نیشان دام، بەڵام ئارام بۆ خۆی لەوێ نەبوو، بە ڕواڵەت لە ئاغای شافیعی و هەر وەها من کە پێشتر دەماننناسی ڕوودەربایستی هەبوو، بەڵام پێشتر فەرمانی دا بوو کە ئاغای شافیعی یان هێنا بۆ دەفتەر دەستبەجێ سواری ماشین بووین و هاتینەوە میاندواو لەوێ ماشینی حیزب ئامادە بوو بە سپاس لە نەماز عەلییئف سواری ماشین حیزب

بووین و هەموومان بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتین و لە یەکەم قاوەخانەی سەر ڕێیە ئەندامەکانی دیکەش لەگەڵمان کەوتن سەر و روو ماچ کردن دەستی پێکرد و لەو سەرکەوتنەی وەدەستمان هێنابوو هەموومان شاد و خۆشحاڵ بووین.

لە یادداشتەکانی میرزا مەنافی کەریمی بەڕێز هاشمی سەلیمی ڕێکی خستووە و لە پەراوێزی بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون دا لە کتێبی پێشوای بیداری .

## کاک غەنی بلوریان

کاک غەنی بلوریان لە کتێبی " ئاڵە کۆک " باس لە کوشتنی " هاشمی فەرهادی " دەکا و بەم جۆرە دەنووسێ: حوسێنی فروهەر بەوەش دانەمرکا و پیلانێکی نارەوای تری گێڕا. ناوبراو لاوێکی بەهەستی مەهابادی بەناوی " هاشمی فەرهادی " هاندابوو، کە میرزا "ڕەحمەتی شافیعی " گەورەترین ساماندار و جێگای ڕێزو حورمەتی خەڵکی مەهاباد بکوژی.

ئەو بە هاشمی گوتبوو بۆ هەر کام لە هەڤاڵان کەسێک دیاریکراوە کە بیکوژن و ڕەحمەتی شافیعی وەبەر تۆ کەوتووە، لە کاتێکا بەدوای کوژانی برای ڕەحمەتی شافیعی کە ئەویش ڕووداوەکەی بەشێوەی خوارەوە بوو، کەسێکی تر نەکوژرا.

ڕۆژێک لە دووکانی بەزازی بابم دانیشتبووم. بابم لەوێ نەبوو، بەڵام مامم و " ڕەحمانی شافیعی "برای " ڕەحمەتی شافیعی " لەوێ دانیشتبوون و چایان دەخواردەوە. ناوبراو تا بڵێی مرۆڤێکی نەجیب و مێهرەبان و پیاو چاک و هێندێکیش توورە و بەهەست بوو. لە پای دووکانی بابم جێیەک تەرخان کرابوو بۆ کاک " حەمە سەرپان " کە ناڵبەندی کەوشان بوو.

ئەو کات جۆرە پێڵاوێک هەبوو کە بە کەوشی زەنگان دەناسراو کەوشێکی ڕەختە و بەدەوام بوو، و پتر گوندییەکان دەیانکرێ و ناڵی ئاسنیان لە پانیەکەی دەدا. داموودەزگای ناڵبەندی کاک حەمەد لەبەر دەست بوو. ڕۆژانە بەدەم کەل و پەلەکەی دادەنیشت و چاوەڕووانی مشتەری دەکرد و چەند هەڤاڵیشی هەبوو کە جارجارە بە یەکەوە

کۆدەبوونەوە و سیاسەتیان دەکرد. هێشتا شەڕی ئەڵمان و ڕووس و هاوپەیمانەکانیان نەبڕابۆوە، بەڵام برلین دەمەترسی کەوتبوو.

هەڤاڵانی کاک حەمە کە بریتی بوون لە:عەبدووخاڵەقی ڕەژی فرۆش، مەلا محەمەد حافظ القران، کاک مینەی پانتۆڵ فرۆش، شەوانە دەچوونە ماڵی ئەو کەسانەی کە ڕادیۆیان هەبوو. هەواڵەکانی شەڕیان دەبیست و بەیانی دەهاتنەوە لای " حەمە سەرپان " و دەنگ و باسەکانیان بۆ یەکتر دەگێڕاوە و هەر کامەشیان بە دڵی خۆیان شتێکیان پێوەدەنا.

گرووپی کاکە حەمە خوێندەواریان نەبوو، بەڵام دڵسۆزی نەتەوەکەیان بوون و بە هۆی ئاگادار نەبوونیان لە بۆچوونی " هیتلێر " و کوشت و بڕەکانی و دژایەتیان لەگەڵ ئینگلیس لایەنگریان لە هیتلیر دەکرد.

ئەوسا ناوی ئەمریکا و سۆڤییەت لە مەڵبەندی ئێمەدا زۆر لەسەر زاران نەبوو، بەڵام ناوی ئینگلیسی داگیرکەر لای هەموو کەس زەق و ناسراو بوو.

ئەوان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئینگلیس بەری بە مافی کورد گرتووە و ناهێڵی کورد ئازاد بێ و دەسەڵاتی کیانی خۆی بەدەست بگرێ. ئەوان کارەساتی شەڕی یەکەمی جیهانییان بیستبوو و دەیانزانی ئینگلیس و کەماڵ ئاتاتورک بەیەکەوە سازاون و مافی کوردیان پێشینڵ کردووە. لەبەر ئەوە بە ئاوات بوون ئینگلیس بشکێ و هیتلیر سەرکەوێ.

کاک ڕەحمان شافیعی ڕووی دە کاک حەمە کرد و پرسی: کاکە حەمە چ خەبەر، تۆ بڵێی هیتلێر سەرکەوێ؟

کاک حەمە زەردەخەنەیەکی هاتێ و لە وڵامدا گوتی: ئێوە شارەزان و ڕادیۆتان هەیە، ئێمەی هەژار چی.

لەو باسەدابووین کە " هاشمی فەرهادی "مان لێ پەیدا بوو. ناوبراو پیاوێکی قۆز و جوان چاک بوو، بەڵام حاڵی ئاسایی نەبوو. لەوە دەچوو سەرخۆش بێ و سەروو ڕووی سوور داگیرسابوو. بەم حاڵەتە ڕووی لە کاک ڕەحمان کرد و گوتی:

.کوا میرزا ڕەحمەتی برات؟

کاک ڕەحمان وەدەست و پێ کەوت و گوتی:

. بۆ چیتە؟

هاشم گوڕاندی و گوتی:

. دەیکووژم، چونکە مرۆڤێکی مفتەخۆری مل ئەستوورە.

کاک ڕەحمان بە بیستنی ئەو گوتنە گوتی:

.کوڕە خوێری، چۆن تو زات دەکەی شتی وا بڵێی؟

. دەشیلێم و چاویشت دەردێنم.

کاک ڕەحمان ڕاست بۆوە و گورج چەکوچی ناڵبەندی کاک حەمەی هەڵگرت و کەوتە گیانی هاشم.

خەڵک کۆبۆوە و هاشمیان دوور خستەوە و کاک ڕەحمان بە ڕواڵەت هێمن بۆوە، بەڵام هەرکە خەڵکەکە بڵاوەیان کرد، کاک ڕەحمان سەرلەنۆی چەکوچەکەی هەڵگرتەوە و وەدوای هاشم کەوت و سەرئەنجام لەپێش دووکانی بەزازی " محەمەدی عەدوولی " گەیشتەوە هاشم و بە چەکوچان سواری سەری بوو.

لەو کاتەدا دەنگی تەقەی گوللە دەمانچان خەڵکی پەشۆکاند. هاشم دوو گوللەی لە سنگی کاک ڕەحمان داو دوو گوللەشی لە هەوا کرد تا بڵاوە بە خەڵکەکە بکات و بەو چەشنە کاک ڕەحمانی شافیعی کوشت.

دەنگی کووژانی کاک ڕەحمانی شافیعی دەشار گەڕاو وڵات شڵەژا. ئاغاوەتی مەنگوڕ و دێبوکری بۆ دیتنەوەی هاشم وەخۆ کەوتن سەرئەنجام تفەنگچییەکانی " عەوڵای بایز ئاغا " ڕەتی پێی هاشمیان هەڵگرت و ئەویان لە ماڵی " محەمەدی سەنگی سپی " لە گەڕەکی سەوزیخانەی شاری مەهاباد دیتەوە و کوشتیان.

خەڵک تەرمی هاشمی چارەڕەشیان هێنا مزگەوتی " هەباس ئاغا " و لەسەر تاتەبەردەکانی مزگەوتیان دانا و لەوێوە بردیان ناشتیان. خزم و کەس و کاری هاشمیش بە بیستنی ئەو ڕووداوە تێکڕا ماڵەکانیان بەجێ هێشت و چوون پەنایان بۆ " کەریم ئاغای قونقەڵا "یە برد و پاش چەند ڕۆژ کە وڵات ئەهوەن بۆوە، گەڕانەوە سەر ماڵ و ژیانی خۆیان و لە کاتێکا ئەوان کورە خۆشەویستەکەیان بەمجۆرە لەکیس چوو، کاک حوسێنی زێرینگەران قیت و قنج لە مەهاباد بە ئازادی دەگەڕا.

لە کتێبی " ئاڵەکۆک " غەنی بلوریان، کۆکردنەوە ئامادەکردنی: حامید گەوهەری چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٧




له ڕاستەوە: میرزا ڕەحمانی شافیعی . هاشمی فەرهاد

دکتۆر عەبدوڵڵای ئەبریشەمی

لە پاییزی ساڵی ١٣٢٠ ڕۆژێک هەرایەک لە لای باکووری مەیدانی قەپانی نێو بازاڕی مەهاباد بڵیند بوو، ئەمن و حوسێنی هاوتەمەنی ئامۆزام ( حوسێنی خەرازی ) لە دووکانی مامم بووین کە لە زارکی ڕاستەی باشووری مەیدان بوو، کوتیان میرزا " ڕەحمانی شافیعی " و " هاشمی فەرهادی " کێشەیانە، ئەوان بە هەراو گەینە نێوەڕاستی مەیدان، لە زارکی ڕاستەی ڕۆژئاوای ئەو مەیدانە کە بەرەو دووخانییەیە( ئێستاش هەر وەک خۆی ماوە ).

لە گۆشەی ئەو ڕاستەیە، کابرایەک پێنەچێتی دەکرد. میرزا ڕەحمان دانواوەو چەکوچی کابرای پێنەچی هەڵگرت و بە کێشمەکێشم دەگەڵ هاشم گەیشتنە بەر دووکانی مامم و لەبەر چاوی مە لە پڕ میرزا ڕەحمان چەکوچەکەی لە سەری هاشم داو، هاشم کەوت و میرزا ڕەحمانیش کەوتەسەری، بەڵام لەوکاتەدا یەکێک لە دووکاندارەکانی سەرتری دووکانی مامم کە ئەویش " فەرهادی " بوو خۆی گەیاند سەریان و پێلی میرزا ڕەحمانی گرت و کەمێکی هەڵێناو نەیهێشت چەکوچێکی دی لێ بدا.

لەوکایەدا دەنگی دەمانچە هات و میرزا ڕەحمان بەلادا هات، بازاڕ شەلەقاو و دووکان داخران و شار هەڵپشکووت، سوارەی مەنگور و دێبوکری دوای چەند کاتێک بە ئیمدادی بنەماڵە شافیعی گەیشتن و هاشم کە خۆی گەیاندبوویەوە ماڵی و خۆی شاردبوویەوە دیتیانەوە و هەر لەوێ کوشتیان، بەبێ ئەوەی مۆڵەت بدرێ چلۆنایەتی کێشەکەی لێ بپرسرێ و بابەتەکە ڕوون بێتەوە، ئەوەش وێنەیەک لە چاندی دەرەبەگایەتی کوردەواری.

لەو ڕۆژێوە هەر کەسەی بە مەیل و تێگەیشتنی خۆی ئەو ڕووداوەی لێک دەداوە. بۆ نموونە هێندێک کەسیش دەیان کوت " هاشم " و ئاواڵەکانی شەوانە لە مەڵبەندی بەر دەرگای ماڵە میرزا ڕەحمان کۆدەبنەوە و گۆرانیان دەڵێن و میرزا ڕەحمان بەوە قەڵس بوو، بۆیە ئەو بەزمە ساز ببوو.

نووسینی: دکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشەمی

لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز دکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشەمی وەرگیراوە.

## کاک ڕەحمانی قازی

کاک ڕەحمانی قازی لە کتێبی " ڕۆژگاری ون بوو "دا بەم جۆرە باسی کوژرانی میرزا "ڕەحمانی شافیعی" بەدەست "هاشمی فەرهادی" دەکا: ڕۆژێکی تر لە ڕۆژە ناخۆشەکانی شاری مەهاباد، ڕۆژی کوژانی میرزا "ڕەحمانی شافیعی " برای میرزا ڕەحمەتی شافیعی گەورە پیاو و بازرگانی سەرکەوتوی مەهاباد بوو. میرزا ڕەحمان بەدەستی پیاوێک بە ناوی "هاشم فەرهادی" لە نێو قەیسەری شار دا کوژرا.

میرزا ڕەحمەت پیاوێکی هەڵکەوتوو و لێزان بوو و لە بواری ئابووریەوە سەرکەوتوو و دەست ڕۆیشتوو بوو. هەروەها سفرە و نان و خوانی هەمووکات بۆ میوان و خەڵکی ناوچە ڕاخراوە بوو. بەو بۆنەوە لەگەڵ عەشیرەت و ئاغاوەتی ناوچەی موکریان نێوانی زۆر خۆش بوو و خەڵکیش خۆشیان دەویست.

ئەو ڕۆژی کە ئەو کارەساتە ڕووی دا میرزا ڕەحمەت چەند کەس لە ئاغایانی مەنگوڕی میوان دەبێ. هەواڵ دێنن کە میرزا ڕەحمان کوژراوە. دەست بەجێ میوانەکانی بە چەکەوە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی وستا "سمایل فەرهادی" کە باوکی هاشم بوو.

هاشم لەوێ دەکوژنەوە و دەیانهەوێ ماڵی وەستا سمایل ئاور بدەن. لەو کەین و بەینە خەڵکێکی زۆر وەکۆ دەبن و جەنابی قازیش کە ئەوە دەزانێ بە پەلە خۆ دەگەیێنێتە ماڵی وەستا سمایل و ناهێڵن کە ماڵەکە ئاور بدەن.

وەستا سمایل بە سەربان دا هەڵدێ و خۆ دەگەیێنێتە گوندی قوم قەڵا و دەچێتە ماڵی کەریم ئاغا. کەریم ئاغا پیاوێکی زانا و ناسیاوی عێلی دێبوکری بوو و هەروەها لە گەڵ میرزا ڕەحمەت نێوانی زۆر خۆش بوو.

دوای چەند ڕۆژ کە وڵات ئارام دەبێتەوە کەریم ئاغا وەستا سمایل دێنێتەوە و دەڕۆنە ماڵی میرزا ڕەحمەت و داوای لێ دەکا لە وەستا سمایل خۆش بێ. میرزا ڕەحمەت بە هۆی کەریم ئاغا وەستا سمایل دەبوری و کێشەکە کۆتایی پێدێ.

مەلا قادری مودەڕڕیسی

لە کتێبی "نگاهی بە تاریخ مهاباد" نووسینی: سەید محەمەدی سەمەدی لە زمانی مەلا قادر مودەڕڕیسی دەنووسێ: لە مانگی سەرماوەزی ( آذر ماه ) ساڵی ١٩٤١.١٣٢٠ جەماعەتێکی توودەیی و چەپ پەیدا بوون و بە تەحریکی توودەیەکانی ئازەربایجان کە زۆربەیان پەنابەرانی ڕووسی بوون کە بە هاوکاری "ئارام" ناوێک کە هەرمەنی بوو و کەسێکی تر بە نێوی " میسیو " کە عارەق فرۆش بوو دیانهەویست بە دژی قازی شۆڕش بکەن و ئارامی شار تێک بدەن.

یەکەم کاری ئەوانە ئەوە بوو کە گەنجێک بە نێوی " هاشمی فەرهادی " فرێو بدەن و میرزا " ڕەحمانی شافیعی " ( برای میرزا ڕەحمەت و بابی دکتۆر جەعفەر شافیعی ) لە نێوەڕاستی بازاڕ تێرۆر بکا و بێکووژی.

( تیبینی: کووژرانی میرزا ڕەحمانی شافیعی ئایا هۆی سیاسی هەبووبێت یا نا؟ ئێستا مەعلووم نییە؟).

لایەنگەڕانی شافیعی ( جەماعەتێکی چەکداری سەربە کەریم ئاغای کەریمی قو نقەڵا ) هەمان ڕۆژ وەدوای قاتڵ دەکەون و لە ماڵی خۆیان دا "هاشمی فەرهادی" دەکووژن.

( وەرگێڕان لە زمانی فارسی بە کوردی: فاڕووقی فەرهاد )

دکتۆر قادری مەحموودزادە ( ئاسۆ )

دکتۆر ئاسۆ لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لە هاشمی فەرهادی دەکا و دەنووسێ: میرزا ڕەحمانی شافیعی پیاوێکی بە تەمەن و مرۆڤێکی مووحتەرم و خۆشەویست و بابی میرزا مارفی و دکتۆر جەعفەر شافیعی بوو.

کەسێک بەناوی " هاشمی فەرهادی " کە ئاسێنگەر بوو لە نێوەڕاستی بازاڕ بە ڕۆژی ڕووناک بە دەمانچە تەقەی لە میرزا ڕەحمانی دەکا و دێکووژی.

کاتێک ئەو خەبەرە بە سەرۆک عەشیرەتەکان دەگا ئەو هەلە دەقۆزنەوە بۆ خوێنڕێژی، لەگەڵ یەکێک لە خزمەکانی بنەماڵەی میرزا ڕەحمەتی شافیعی دەوڵەمەندی بەنێوبانگی مەهابادی وەدووی " هاشم " دەکەون و لە ئاودەستی یەکێک لە ماڵەکان کە خۆی شاردبۆوە وەبەر ڕەگباری گوللەی دەدەن و هاشمی دەکووژن و تەرمەکەی لەسەر تەختە بەردەکانی مزگەوتی هەباس ئاغا فڕێ دەدەن کە دەرسی عەبرتێک بێ بۆ خەڵکی تر.

خەڵک دەستە دەستە بۆ تەماشای دێن کە ببینن و تەنبێ بن. ئەوەش جەنایەتی دیکە بوو لە کەلەی گەرم و چەکی گەرم.

لە کتێبی: خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر قادر محمودزاده ( ئاسۆ )

( وەرگێڕان لە زمانی فارسی بە زمانی کوردی: فارووق فەرهاد )

کاپیتان حەمەدی مەولوودی

کاپیتان حەمەدی مەلوودی لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی هاشمی فەرهادی دەکا:

ئەوان بێ ئەوەی متەقیان بێت سێ ئێسترەکەی خۆیان برد و ڕۆیشتن، ماینەوە ئێمە کە نەماندەزانی ئەو چوار ئێسترە بۆ کوێ بەرین؟ لەوە دەترساین عەرووسان بمانگرن.

پاش گفت و تەگبیرێکی زۆر، هاتینە سەر ئەوەی کە ئێسترەکان بەرینە زینوێ بیانفرۆشین. هەر لەوێ ڕەحیمی عەبدی ڕەزای دەگەڵ وەستا برایمی ئێسترەکانیان برد و ڕۆیشتن.

ئەوان دەگەنە قازی ئاوایە و لەوێ تووشی کاروانێک قاچاغچی گەرمێن دەبن کە گەورەکەیان سەید حەسەن بوو وماڵی لە زینوێ بوو، ناسیاوم بوو. هەر لەوێ ئێستر و ئەو تفەنگانەی دەستمان کەوتبوون بەوانیان دەفرۆشن و بە پووڵ و پارەوە گەرانەوە لاما ن.

زوو گوتم: بچن ئەو پووڵە لە ناو هاواڵەکاندا دابەش کەن و بڕێکیش بدەن بەو چەند ماڵە نەدارەی کە دەمانزانی نانی شەویان نییە بیخۆن و منداڵی سەغیر و پیاوی نەخۆشیان هەبوو.

منیش ئەوەندەم لە پارەکە وەرگرت کە پارەی دەمانچەی " هاشمی فەرهادی " بدەمەوە، دەنا من ئەوکات هیچ دە فکری پووڵ کۆکردنەوەدا نەبووم.

کوردبوون، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، ساخکردنەوە و بەڵگەمەندکردنی: وریا ماملێ چاپی دووەم ساڵی ٢٠٢٢

کاک جەلیلی گادانی

میرزا ڕەحمانی شافیعی پیاوێکی موحتەرەمی سابڵاغی بوو ئەوانە، لەوێ دوو چەرچی، دوو معامەلەچی کە مەعموولەن خوری و فلان و شتی وایان دەکڕی و دەفرۆشت و ئەوانە کێشەیەکیان لێ پەیدا دەبێ، یەکیان مەست بووە گۆیا شەڕەکەش درێژەی هەبوو میرزا ڕەحمانیش لە حوجرەی خۆی لە حوجرەی تەجارەتخانەکەی بوو دێتە خوارێ وەساتەتێ بکا هەر ئەو کابرا مەستە بە نێوی " هاشمی فەرهادی " یەک دەمانچەی لە تەپڵی سەری دا لە وێ کوشتی و خستی. تەواو بوو میرزا ڕەحمانی شافیعی مرد و خەڵاس بوو.

بەڵام هەستی مەسئولییەتەکە جۆرێک بوو کەمترین مەجال بە قاتڵ نەدرا فەوری لە کووچە و کۆڵان و نێو بازاڕ وەدووی کەوتن پاش دوو سێ سەعات کابرایان لە ماڵێکی گەڕەکی " خڕێ " دیتەوە، کە گەرەکی خۆشیان بوو بڕێک لە سەرەوەتری ماڵە خۆیان و هەر لەوێ فیلمەجلیس کوشتیانەوە.

کابرا نەیدەتوانی تەعدا بکا و خەڵک بکووژێ و تەجاوەز بە حقووقی خەڵک بکات واقعییەت ئەوە بوو.

وتووێژی جەلیل گادانی لە گەڵ حەسەنی قازی و ئەمیر حەسەنپوور لە لاپەڕەی ڕوانگە وەرگیراوە.

کاک عەلی فەرهاد

کاک عەلی فەرهاد ( بابم ) ساڵی ١٩٩٧ هاتە سەردانم بۆ وڵاتی نۆروێژ. دروست ئەو ساڵە بوو کە کتێبی " ئاڵە کۆک " بیرەوەرییەکانی کاک غەنی بلوریان چاپ و بڵاو ببۆوە.

بە بابم گوت: کە کاک غەنی لە کتێبەی خۆیدا ڕووداوی کوژرانی "هاشمی فەرهاد" نووسیوە. کوتی بیخوێنەوە بزانم چی نووسیوە. کە لە خوێندوە تەواو بووم گوتی: بەشێکی ڕاستە و بەشێکیشی هەڵەیە کردووە.

بابم ڕووداوەکەی بەم جۆرە بۆ منی گێڕاوە: حیزبی عەزیز زەندی تێکچووبوو، حوسێنی فروهەر دیهەویست لە جێ وی حیزبێکی دیکە ساز بکا. جەماعتێک بوون خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانی و بریاران دابوو کە دەوڵەمەندەکانی سابڵاغێ بکووژن تا خەڵک بزانن کە ئەوان لایەنگری فەقیر و هەژارن.

کاکم ( هاشمی فەرهاد ) و چەند کەسێکی دیکە لە ماڵی حوسێنی فروهەر کۆدەبنەوە. میرزا حوسێنی فروهەر دەمانچەی دەدا بە کاکم کە یەکەم دەوڵەمەندی سابڵاغێ میرزا ڕەحمەتی شافیعی بکوژی. کاک هاشم بەسەرخۆشی دەچێتە دوکانی میرزا ڕەحمەتی شافیعی، بەڵام میرزا ڕەحمەت لە دووکان نابێ و میرزا ڕەحمانی برای لەوێ دەبێ.

کاک هاشم لە گەڵ میرزا ڕەحمانی کێشەی لێ پەیدا دەبێ و میرزا ڕەحمان زۆر قسەی ناخۆش و ناحەز بە کاکم دەڵێ. کاکم دەڕوا. بەڵام میرزا ڕەحمان وەدوای دەکەوێ و هێرشی بۆ دەبا و قسەی سووکی پێ

دەڵێ. کاک هاشمیش کە دەمانچەی پێدەبێ دوو گوللەی لە سینگی دەدا و میرزا ڕەحمانی دەکوژی.

کاک هاشم دێتەوە بۆ ماڵی خۆمان. دوای ماوەیەکی کورت چەکدارەکانی مەنگور هێرشیان کردە سەر ماڵی ئێمە و تەقە لە کاکم دەکەن ،کاک هاشیمش لە ژووی خۆی بە دەمانچەکەی کە پێی بوو تەقە دەکاتەوە.

من و ڕەحمانی برام چووبووینە ئەنباری ماڵێ و خۆمان شاردبۆوە و زۆریش دەترسیان. کاکم دەیهەوێ دەرباز بێ و دێتە حەسارە کە تەقەی لێ دەکەن وەبەر گوللەی دەکەوێ و دەکوژریت. دوایی تەرمەکەی هەڵدەگرن و دێبەن لە مزگەوتی هەباس ئاغای فڕێ دەدەن.

کوژرانی میرزا ڕەحمان و کاکم لە شار دا دەنگی داوە و شار شێوا دوکان و بازار داخران. حوسێنی زێڕینگەرانیش حیزبەکەی بۆ جێ بە جێ نەبوو.

دوایە ئێمەش چووینە ماڵە پوورەم، چەند ڕۆژێک لەوێ بووین تا وڵات ئارام بۆوە و دوای هاتینەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆمان.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە کاک غەنی بلووریانیش لە بیرەوەرییکانی خۆیدا دەڵێ کە حوسێنی فرووهەر باس لە گرووپێک دەکا کە دژی ملهوڕ و مفتەخۆر و دەوڵەمەند خەبات دەکەن.

کاک غەنی بلووریان بەم جۆرە باس دەکا: ماوەیەک بە دوای کێشکی چاپخانە لە چوارچرای مەهاباد تووشی حوسێنی فرووهەر ( حوسێنی زێڕینگەران ) بووم. ناو براو یەکێک لە دامەزرێنەرانی سەرەکی کۆمەڵەی ژ . ک بوو.

ئەو بانگی کردم و گوتی: تۆ لایەنگرت هەیە و بەرپرسی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی و دەزانم لە دەستت دێ یارمەتیمان پێبکەی.

. لە چ بارێکەوە دەتوانم هاریکاریتان بکەم؟

. ئێمە گرووپێکی تایبەتین و دژی ملهوڕ و مفتەخۆر و ئەو خاوەن ملکە زۆردارانەی کە نەتەوەی ئێمە دەچەوسێنەوە خەبات دەکەین و لە نێو خۆماندا بڕیاری کوشتنی ئەوانمان داوە. ئەگەر ئێوەش لاوان لەگەڵمان بن، دەتوانین گەلێک کاری بە نرخ بکەین.

. خۆت دەزانی من سەربەخۆ نیم و کۆمەڵێکم لاو لە گەڵە کە دەبێ بۆ هاوکاریکردنتان پرسیان پێبکەم و پاشان وڵامتان بدەمەوە.

حوسێنی فرووهەر بە بیستنی ئەو گوتنە، دەستی خستە سەر شانم و بە پێکەنینەوە گوتی: گاڵتەم لەگەڵ کردی لە بیر خۆتی بەرەوە.

(دەبینین کە قسەی حوسێنی فرووهەر لەگەڵ قسەی میرزا عەلی فەرهادی کە باس لەو گرووپە دەکا زۆر نیزیکە و جێی سەرنجە؟)

مەلا قادری مودەڕڕیسی لە درێژی باسەکەدا دەڵێ: جەماعتێک لە دوای مانگی گەلاوێژ ( مرداد ) ساڵی ١٣٢١ بۆ دامەزراندنی لەقی حیزبی "هیوا " ی عێراق لە مەهاباد هاتبوونە ئەم شارە. بەشێک لە کارمەندەکانی باسەوادیان دەعوت کرد و داوایان لێکردن کە حیزبێک دامەزرێنن کە لەقێک بێ لە حیزبی هیوا. بەڵام ئەو داوایە قەبوول نەکرا و کەس حازر نەبوو لەگەڵ حیزبێک هاوکاری بکا کە لە دەرەوە بوو.

دوای گفتگوویەکی زۆر و بیر و بۆچوونی جۆراجۆر بوو کە کۆمەڵەی ژ ێ. کاف کە جەماعتێکی مەزهەبی و میللی بوون کە سەر بە هیچ جێیەک، غەیری خەڵکی کورد نەبوو دامەزرا.

لە کتێبی" نگاهی به تاریخ مهاباد " نووسینی: سەید محەمەد سەمەدی

پەس دەتوانین بڵێن کە دوای تێکچوونی حیزبی ئازادیخوازی کوردستان جەماعتێک لە فکری دامەزراندنی حیزبێکی دیکە بوون و لێرەدایە کە قسەکانی کاک غەنی بلوریان و میرزا عەلی فەرهاد زۆرتر جێی متمانە کە حوسێنی فروهەر ویستوویەتی حیزبێکی دیکە دروست بکا بەڵام سەر ناگرت و دوای دە مانگ لە کوشتنی میرزا ڕەحمانی شافیعی بەدەستی هاشمی فەرهاد کۆمەڵەی ژ.ک لە دایک دەبێ و یەکەم کەسی کۆمەڵەش میرزا حوسێنی فروهەر( زێڕینگەران) دەبێ.

کێ " هاشمی فەرهاد " کوشت؟

سەید محەمەد سەمەدی لە کتێبی " نگاهی بە تاریخ مهاباد "دا دەنووسێ: ئاغای مەنافی شافیعی نەوەی میرزا ڕەحمانی شافیعی دەڵێ: چەکدارەکانی عەبدوڵڵای بایزیدی ( سەرۆکی ئێلی مەنگور ) هاشمی فەرهادیان بە تاوانی ئەو کارە کە کردبووی کوشتیانەوە.

جەنابی مام "ڕەسوو " کوڕی مەرحووم عەبدوڵڵای بایزیدی ڕەئیسی ئێستای ئێلی مەنگور لە وتووێژێک دا کە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممۆ ١٣٧٧/٣/٢٨ لەگەڵ نووسەری ئەم بابەتە کرا، تەئیدی کرد و گوتی: ئەو کات تەئمینی ئەمنیەتی شاری مەهاباد بەدەست بابم بوو و سێ نەفەر چەکداری ئێمە، بەنێوی " مەحموود گورگە، عەوڵای بایزی، و سۆفی مولوود " هاشمی فەرهادیان کوشت.

جەنابی "عومەر ئاغای عەلیار" ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممۆ ١٣٧٧/٤/١٦ لە ماڵی خۆیان لە وتووێژێک لە گەڵ نووسەر سەبارەت بە ئەم بابەتە فەرمووی: قاتڵی " هاشمی فەرهادی " کەسێک بوو بەنێوی "مارفی خەیاڵێ " کە نۆکەر و چەکداری هەمزە کەریم ئاغا " حمزە کەریمی " قوم قەڵا بوو.

مارفی خەیاڵێ ئەو کارەی لە لایەن بنەماڵەی کەریم ئاغا بەس بۆ ئیرادەت و نیشان دانی دۆستایەتی لەگەڵ میرزا " ڕەحمەتی شافیعی " کرد.

لە کتێبی: نگاهی بە تاریخ مهاباد، نووسینی: سەید محەمەد سەمەدی چاپی یەکەم ساڵ ١٣٧٧

( وەرگێران لە زمانی فارسی بە زمانی کوردی: فاڕووقی فەرهاد )



وێنە: مەهاباد ساڵی ١٣٩٥ مزگەوتی " عەباس ئاغا " تەختە بەردەکانی کە خەڵک نوێژی لەسەر دەکەن.

وێدەچی هەمان شوێن بێ کە " هاشمی فەرهاد "یان لەسەر ئەم تەختە بەردەانە فڕێ دابێ.

پرسیار:

دکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشەمی لە درێژایی باسەکەدا پرسیار دەکا: لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئەرێ بۆ ئەو تفەنگدارانەی بەدوای " هاشم "دا ناردرابوونە ماڵەکەی، ڕانەسپێردرابوون هاشم بگرن و بیهێنن تا کێشەکە ڕوون ببێتەوە؟ جا ئەوجار بیکووژن؟

خۆ دەکرا " هاشمی " بگرن و وەک ڕەوتی باو لە شارەستانەتی کوردەواری کە لە نەبوونی حکوومەت دا، لە چەند ڕیش سپی و مەلا و قازی شەرع داوا بکەن هۆی ئەو کێشەیە لە " هاشم " بپرسن تا ڕووداوەکە ڕوون ببێتەوە؟ جا ئەو جار چ بە قسەی ئەوانیان کردبا یان نا، چیان لە هاشم دەکرد با بیان کردبا.

بەڵام هەر چۆنێک بوو لە کاتی دەستە بەخە بوونی میرزا ڕەحمان و هاشم، نەدیترا " هاشم " دەست لە میرزا " ڕەحمان " بوەشێنێ. خۆ هاشمی گەنج لە میرزا ڕەحمان بەهێزتر بوو.

ئەگەر هاشم لەسەرەتاوە قەستی کوشتنی میرزا ڕەحمانی بووبا، هەرکە تووشی دەبوو دەبا کوشتبای نەک ڕابوەستێ کە میرزا ڕەحمان چەکوچ هەڵگرێ و دەرفەت پەیدا بکا، لەسەری بکوتێ و بیخاتە ئەرزی و سواری سەری بێ؟


لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز دکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشەمی وەرگیراوە.




گڵکۆی میرزا ڕەحمەتی شافیعی

گڵکۆی میرزا ڕەحمەتی شافیعی لە ژێر کێوی داشا مەجید پشتی ئیدارەی "بیمە سووتاوە "ی قەدیم لە شاری مەهابادە. ئەم شوێنە قەدیم قەبرستان بووە و بە دەستووری سەرتیپ وەهرام بوو بە شەقام و بینا بەڵام جێی سەرنجە کە گڵکۆی میرزا ڕەحمەتی شافیعی هەر ماوە.


سپاس بۆ کاک کەماڵی فەرهاد کە ئەم وێنەی بۆ ناردم.



سەید ڕەحیمی قورەیشی




کاک غەنی بلوریان




دوکتۆر عەبدوڵڵای ئەبریشەمی



دکتۆر قادری مەحموودزادە ( ئاسۆ )



کاک ڕەحمانی قازی



مەلا قادری مودەڕڕیسی




كاك جەلیلی گادانی



میرزا مەنافی کەریمی




## کاک عەلی فەرهاد



میرزا ڕەحمەتی شافیعی



میرزا حوسێنی فروهەر



کاپیتان حەمەدی مەولوودی



کاک وریای ماملێ



فارووق فەرهاد

سەرچاوەکان:

. نگاهی به تاریخ مهاباد، نویسنده: سید محمد صمدی چاپ اول سال ۱۳۷۷

. ساجبلاغ مکری ( مهاباد ) در آیینەی اسناد تاریخی، گردآوری و تألیف: فریدون حکیم زاده چاپ اول سال ۱۳۸۹

.خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو ( قادر محمود زاده ) چاپ اول سال ۱۳۷۳

.کوردبوون، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، ساخکردنەوە و بەڵگەمەندکردنی: وریا مامڵێ، چاپی دووهەم ساڵی ۲۰۲۲

. ڕۆژگاری ون بوو، بەسەرهات و بیرەوەرییەکانی ڕەحمان قازی، بە قەڵەمی ناسر قازی چاپی یەکەم ساڵی ۲۰۱۸

. ئاڵە کۆک، نووسینی: غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حامید گەوهەری، چاپی یەکەم ساڵی ۱۹۹۷

.کوێستانی دڵ، نووسینی: سەید ڕەحیم قورەیشی بە تێکۆشانی: زێنە وەرەیشی ساڵی ۱۳۸۱

.پیشوای بیداری، خاطرات سعید همایون، بە کوشش هاشم سلیمی موسسە چاپ و نشر آراس هەولێر سال ۲۰۰٤

.چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، نووسەر: مامۆستا هێمن ئینتشاراتی ڕەهرو مەهاباد چاپی دووهەم ساڵی ۱۳۷۸ . ۱۹۹۹

. سایتی ئینترنیتی ڕوانگە، بەرپرس: حەسەن قازی

. ئالبوومی بنەماڵەی بەڕێز عەلی فەرهاد

. لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی

. لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز دکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشمی

. لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز وریای مامڵێ